# ناوداران لە گەشتی ئاسمانی دەترسێن



لە گەشتکردنی ئاسمانی دەترسێی؟ ڕەنگە ژمارەی ئەوانەی لە سەرکەوتنی فڕۆکە دەترسن سەرسامت بکات کە لەنێویاندا کەسانی ناودار هەن کە کارەکانیان گەڕانی شارو وڵاتیان بەسەردا فەرز ئەکات، ئاژانسی Qmi لیستێکی بەناوی ئەو ناودارانە بڵاو کردەوە کە تووشی دۆخی نەخوازراو هاتوون لە کاتی گەشتکردنە دووبارەکانیان کە هەندێ کات خەریک بووە تووشی زیندانیکردن ببنەوە. دەنگی بزوێنەرەکانی فڕۆکە لە هەڵسان و نیشتنەوە تووشی دڵەڕاوکێیان دەکات

جینیفەر ئینستۆن: ئەکتەری قەشەنگ دانی بەوەدا ناوە کە لە فڕین دەترسێت و لە یەکێک لە گەشتەکانی کە لەگەڵ کۆمپانیای فڕینی بەریتانی بووە ئەندامانی گەشتەکەی لەو ترسەی ئاگادار کردۆتەوەو بەدرێژایی گەشتەکە لەگەڵی بوونە.

کریستن دانێست: لە لێدوانەکانی پێشووتری ئاماژەی بەوە کردووە کە بۆ دوورکەوتنەوە لە دەنگەدەنگی فڕین لە کاتی هەڵفڕین و نیشتنەوە هێتفۆن ئەکاتە گوێی.

کۆڵین فێریڵ: باسی لەو ترسە زۆرەی لە فڕین کردووە کە کاردانەوەی توندی بەرامبەری هەیەو خەریک بووە تووشی رارتن بێت لە کاتی گەشتەکانی پێشووی لەگەڵ کۆمپانی بەریتانی بۆ فڕین.

ساندرا پۆلۆک: وتی فیلمی (گرافیتی) و کارکردن لەگەڵ دەرهێنەر ئەلفۆنسۆ کۆران ناچاری کردووە کە ڕووبەڕووی ترسی ئیفلیجی لە فڕین ببێتەوە.

میگان فۆکس: ئەڵێت سەرەتای ترسم لە فڕین لە تەمەنی ٢٠ ساڵییەوەیەو پەنا بۆ گوێگرتن لە گۆرانییەکانی بریتنی سپیرز ئەبەم لەو کاتەدا، چونکە بڕوای وایە کە (قەدەری وایە نەمرێت لەکاتی گوێگرتنی گۆرانییەکانی بریتنی).

## ئۆباما و میشێل لە لێواری جیابونەوەدان



ماڵپەڕی (ناشیۆناڵ ئینکوایرر) بڵاویکردەوە، کاتێک میشێلی هاوسەری باراک ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زانیاری بەدەست گەیشت سەبارەت بە ژوانی خۆشەویستی هاوسەرەکەی تووڕەو بێزابووە.

ماڵپەڕەکە ئاماژەی بەوەشکرد میشێل سەرباری ئەوەی لەبەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەڕوویەکی پێکەنیناوییەوە خۆی وادەردەخات کە خێزانێکی زۆر بەختەوەری هەیە، بەڵام لەناو ماڵی هاوسەرییدا دۆزەخێک لەگەڵ باراک ئۆباما دەگوزەرێنێت، بەهۆی ئەوەی میشێل زانیاری شوێنە نهێنییەکەی پێگەیشتووە کە ئۆباما بەنهێنی لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا ژوان دەبەستێت و پێکەوە کۆدەبنەوە، لە کاتی ئاشکرابوونیشیدا ئۆباما بەرگرییەکی زۆری لەخۆی نەکردووە بەهۆی ڕاستی هەواڵەکەوە.

لەلایەکی دیکەوە گۆڤاری (گلوپ مەگەزین) لەژمارەی ئەم دواییەدا بڵاویکردەوە، ژیانی هاوسەری ئۆباما لەسەر لێواری کۆتایی نزیک بۆتەوەو لەوانەیە جیابونەوەی لێبکەوێتەوە.

## پارەی کاغەز هەزارەها بەکتریای بەسەرەوەیە

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک ئەوە ئاشکرابووە کە دراو ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بەکتریای بەسەرەوەیە و ئەوانەی زۆر لەدەستیاندایە ئەگەری زۆری هەیە تووشی نەخۆشی جۆراو جۆر ببن. بە پێی هەواڵێکی ماڵپەری وسع ێدرک کە تیایدا باس لە توێژینەوەیەک دەکات کە لەشاری نیویورک لە لایەن ژمارەیەک توێژەری زانکۆ ئەنجامدراوە و لە ئەنجامدا دەرکەوتووە لەسەر ڕووبەری دراوەکان بیست و شەش هەزار جۆر بەکتریا بوونیان هەیە بۆیە ئامۆژگاری دایکان و باوکان دەکەن ڕێگە نەدەن منداڵەکانیان پارە نزیکبکەنەوە لە دەمیان. بە پێی ڕاپرسییەک کە هەر لە ئەمریکا ئەنجام دراوە ئەوە ئاشکرابووە بە ڕێژەی ٦٠%ی بەشداربووەکان پێیان وابووە پارەی کاغەز ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بەکتریای زیانبەخشی لەسەرە.

## پەیژەی پیانۆ



هەندێ لە هونەرمەندان و ئارەزوومەندان لە جیهاندا هاوکاری جوانکردنی ڕێگاو شوێنە گشتییەکان ئەکەن بەمەبەستی ڕازاندنەوەو ڕاکێشانی سەرنجی ئەو ڕێبوارانەی پێیدا تێدەپەڕن، یاخود شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی، لە وێنەکەدا جێ دەستی هونەرمەندان لەسەر ئەو پەیژەیە دیارە کە لە شێوەی پیانۆ دروستیان کردووەو خەریکە بە پەیژەی پیانۆ ناو دەبرێت لە فالبارایسۆ لە چیلی.



## ژوانگە

### گوشارەکانی ژیان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا

کێشی ژیان هەر وەک خۆیەتی، بەڵام جیاوازییەکە لەو گوشارانەیە کە دێنە ڕێگەمان، ئەگەر ئیرادەیەکی بەهێز هەبێ و بەباشی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین ئەوە فشارەکان کەم دەبنەوە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر خەفەت لە شتێک بخۆین و زۆر موبالەغەی تیا بکەین، ئەگەر هەموو کێشەکانمان و قورسایی ژیانمان لە هەموو کاتێک هەڵبگرین ئەوە ڕۆژێک دێت توانای بەردەوام بوونمان نامێنێ، چونکە گوشارو قورساییەکانی سەر شانمان بەردەوام لە زیادبوونن، بۆیە زۆر گرنگە لەنێو گوشارەکان ماوەیەک پشوو و حەوانەوە هەبێت تاکو سەر لەنوێ چالاکی و تواناکانمان تازە بکەینەوەو بەشێوەیەکی تازەو باشتر بیر لە چارەسەری کێشەکانمان بکەینەوە.

ئەوەی مەبەستە ئەوە نییە کە لە ژیاندا نەرێنی بین، تووشی هەرکێشەک بووین یا ڕووبەڕووی کێشەیەک بووینەوە لێی ڕابکەین، نەخێر بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ناتوانین بەردەوام بین لە ژیان و چالاکییەکانمان ئەگەر بڕیار بدەین خەمی کێشەکانمان بەشەو و ڕۆژ لە دڵ و مێشکمان هەڵبگرین و بەبێ هەناسەدان بۆ بیرکردنەوە لە ڕێگەچارەیەک، بێگومان بەو شێوەیە بەرەو تیاچوون دەچین و خەمەکان کۆ دەبنەوەو تووشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێی بەردەوام دەبین.

هەریەک لە ئێمە کە لە کارەکەی دەگەڕێتەوە چەندین کێشەو خەمی هەیە،بەڵام زۆر هەڵەیە کە ئەو کێشەیە گەورە بکەینەوەو قەبارەیەکی زۆر لەخۆی زیاتری بدەینێ و خۆمان و دەوروبەرمانی پێوە سەرقاڵ بکەین و لە خەوتن و هەستانمان لە مێشکماندا بێت، بەڵکو پێویستە پشوویەک بەخۆمان بدەین و لەسەرخۆ بین تاکو بیر بکەینەوەو ئەگەر پێویستی بە یارمەتی و بیروبۆچوونی کەسانی دیکە بوو ئەوە با کەسانی نزیکی خۆمانی لێ ئاگادار بکەینەوە بەبێ ئەوەی سەرقاڵیان بکەین بەکێشەکەوە، تاکو خۆمان و دەوروبەرمان زۆر ماندوو نەکەین و شتەکان زۆر قووڵ نەکەینەوە.

**بابان ئیبراهیم**